# هاملێت لە دیدگای ڕێژیسۆریی (بێرگمان)دا

د. فازڵ جاف
(سوێد)

وەک شانۆکارێک لە هەشتاکاندا لە شاری ستۆکهۆڵم، دەرفەتم بۆ ڕەخسا دووجار لە شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم، نمایشی (هاملێت)ی نووسەری گەورە ولیام شەکسپیر ببینم، کە لە دەرهێنانی دەرهێنەری سوێدی بەناوبانگ ئینگمار بێرگمان بوو.

زۆربەی توێژەران و ڕەخنەگرانی شانۆ هاوڕان لەسەر ئەوەی کە هاملێت یەکێکە لە شانۆنامە دیارەکانی سەردەمی شانۆی ئیلیزابێسی و باشترین شانۆنامەی شەکسپیرە، بگرە هەندێک لە ڕەخنەگرەکان پێیان وایە کە هاملێت باشترین شانۆنامەی هەموو سەردەمەکانی مێژووی شانۆیە.

پاش کۆچی دوایی شەکسپیر شانۆنامەکە ئەوەندە لە برەودا نەبوو، تاکوو سێر هێنری ئێرڤینگ، ئەکتەری بەریتانی، لە ساڵانی حەفتاکانی سەدەی هەژدەمدا لە لەندەن جارێکی دی بە دەرهێنانێکی نوێوە خستییە سەر شانۆ. نمایشەکەی سێر ئێرڤینگ بە سەرلەنوێ زیندووکردنەوەی شانۆنامەکە لە سەردەمی مۆدێرندا دادەنرێ. ئەم زیندووکردنەوەیە زۆری نەخایاند سەرنجی ڕیژیسۆرە گەورەکانی جیهانی بۆ شانۆنامەکە ڕاکێشا کە ئەوانیش بۆ دەرهێنانی شانۆنامەکە دەستپێشخەری بکەن، ئەمە کارێکی وای لێ کەوتەوە کە لە ماوەیەکی کەمدا هاملێت وەربگێڕدرێتە سەر زۆربەی زمانە زیندووەکانی جیهان و لەسەر تەختەی زۆربەی شانۆ گەورەکانی ئەورووپادا نمایش بکرێ.

دەرهێنەری ڕووسی ڤسیڤۆلد میرهولد لە تەمەنی گەنجییەوە ئاواتی دەرهێنانی شانۆنامەی هاملێتی لە دڵ و مێشکدا بوو، خەونی ئەوەبوو هاملێت دەربهێنێ، دەیویست هەر خۆشی ڕۆڵی هاملێت ببینێ، بەڵام خەونەکەی نەهاتە دی. زیاتر لە جارێک دڵتەنگی خۆی دەربڕی و دەیگوت: کە مردم لەسەر گۆڕەکەم بنووسن: لێرەدا ئەو دەرهێنەرە نێژراوە، کە بەختی نەیهێنا شانۆنامەی هاملێت دەربهێنێ، بەڵام میرهولد کۆچی دوایی کرد، لە سایەی تێرۆری سیستمی ستالینیدا پاش ئەوەی گوللەباران کرا، بێ ناوونیشان لە گۆڕێکی بەکۆمەڵدا نێژرا. پلانی میرهولد بۆ نمایشی هاملێت ئەوەبوو کە پیکاسۆی نیگارکێشی بەناوبانگی جیهان دیزاینی سینۆگرافیاکەی بکێشێ، لە چەند بۆنەیەکیشدا باسی لە دیدگای خۆی بۆ کارەکتەری هاملێت و

شێوازی دەرهێنانەکەی کردبوو.

لەلای خۆیەوە پیتەر برووک لە ساڵی ١٩٦٥ لە شانۆی شاهانەی شەکسپیر بە شێوازێکی مۆدێرن (هاملێت)ی دەرهێنا. ڕەخنەگران شێوازی دەرهێنانەکەی (برووک)یان بە ئەزموونێکی جیاواز لە نمایشە ئاساییەکانی وێست ئێندی لەندەنی ئەو کاتە لە قەڵەم دا. کاتێک برووک لە ساڵی ٢٠٠٠، حەفتا و پێنج ساڵی پڕ کردەوە، بڕیاری دا بۆ دووەم جار بە دیدێکی گەنجانەی پڕ لە جۆشوخرۆشەوە، بە دراماتوگییەکی جیاوازەوە هاملێت دەربهێنێ.

سەبارەت بە دەرهێنەری سوێدی ئینگمار بێرگمان، (بێرتیل پاڵمکڤیست)ی نووسەر دەڵێ: بێرگمان هەر لە سەرەتای نمایشەکانی لە چوارچێوەی شانۆی زانکۆدا پلانی دەرهێنانی هاملێتی هەبووە، بەڵام لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٦دا لە دەرهێنانی شانۆنامەکە سەرکەوتوو بوو.

نمایشەکە لە هۆڵی گەورەی شانۆی شاهانە لە ستۆکهۆڵم بەڕێوەچوو، ماوەی سێ کاتژمێر و نیوی خایاند، لە نێویاندا بیست خولەک بۆ پشووی بینەران تەرخان کرابوو.

نمایشەکە کە پڕ بوو لە وزە و تینی گەنجانە، ئەمە بۆ بینەران و ڕەخنەگران جێگەی سەرسوڕمان بوو، کە چۆن دەرهێنەرێکی سەرووی تەمەنی حەفتا ساڵ دەتوانێ بەو گوڕ و تینەوە، ئەو نمایشە گەنجانەیە بنوێنێ.

شێوازی هونەری بێرگمان لە شانۆنامەی (هاملێت)دا گەرموگوڕی و لەش سووکی و خێرایی و هەڵچوون و گوڕ و تینی زۆری لەخۆ گرتبوو، ئەم شێوازە دینامیکە بە درێژایی ماوەی نمایشەکە لە نواندنی زۆربەی ئەکتەرەکاندا بەدی دەکرا.

بێرگمان هەر لە سەرەتاوە کاری لەسەر وەرگێڕانێکی نوێ کرد، کە لەلایەن (بریت هالکڤیست)ی وەرگێڕ، بە هاوکاری بێرگمان جێبەجێ کرابوو. بێرگمان داوای لە هالکڤیست کردبوو کە با وەرگێڕانەکە بە زمانێکی ڕوون و سادە بێ، با زمانی شانۆنامەکە بە شێوازێکی ڕەوانی ئەوتۆ بێ، کە بینەران بەئاسانی لێی تێ بگەن، وەک لە چاوپێکەوتنێکدا کە لە ڕۆژنامەی «سڤێنسکا داگبۆلاد» لە ١٢ی کانوونی دووەمی ١٩٨٦دا دەری خستبوو.

بێرگمان هەندێک گۆڕانکاری لە دەقەکەدا کردبوو، کە دەمەوێ لێرەدا ئاماژەیان پێ بکەم، سەرەتا بە لابردنی هەندێک دیالۆگ لە دیالۆگەکانی پۆلۆنیس دەست پێ دەکا، بەتایبەتی لەو ئاخاوتنانەی کە پۆلۆنیۆس تێیدا فێڵەکانی خۆی و ڕادەی دەستوەردانەکانی لە کاروباری کەسانی دیکەدا دەردەبڕێ. دەستکارییەکان و لابردنی دیمەنەکان، وەک دیمەنەکانی ڕۆزینکرانتز و گیلدەرستێرن، لەو دیمەنەدا کە کلۆدیۆس و گێرتۆرد پرسیاری هاملێتیان لێ دەکەن کە داخوا لە نمایشی ویتنبێرگدا چی بەسەردا هاتووە، تەنانەت هەندێک ڕۆڵی بچووکیش لە دەقەکەدا لابراون، وەک کارەکتەری ڕیناڵدۆی خزمەتکاری پۆلۆنیۆس دەنێرێ بۆ فەرەنسا بۆ ئەوەی سیخوڕی لەسەر لایرتێس بکات.

ئامانجی بێرگمان لە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دیمەنانەدا بۆ ئەوەیە کە زیاتر تیشک بخاتە سەر لایەنەکانی پەیوەست بە ڕەهەندی سۆزداری کارەکتەرەکان و جەختکردنەوە لەسەر ڕەهەندی سیاسی دەقەکە، هەروەها تیشک خستنە سەر ململانێی مرۆڤ لە پێناوی دەسەڵاتدا.

بۆ نموونە بێرگمان مۆنۆلۆگە بەناوبانگەکەی هاملێت «بوون، یان نەبوونTo be or not to be that is the qusetion» دەگوازێتەوە بۆ ئەو دیمەنەی کە هاملێت تێیدا ڕاسپاردەکانی خۆی دەگەیەنێتە ئەکتەرەکان. وا دیارە بێرگمان دەیویست ئەم مۆنۆلۆگە بکا بە بەشێک لە

نمایشە شانۆییەکەی هاملێت کە لە پێش شا و شاژندا نمایش کرا. دەرهێنەر دەیویست وا هەست بکەین کە لە شانۆداین، هەموو نمایشەکەش وەک شانۆ لە ناو شانۆدا خۆی بنوێنێ.

بێرگمان زۆرتر جەختی لەسەر ئارەزووە سێکسییەکانی کارەکتەرەکان کردبوو، بۆ نموونە گێرترودی شاژن بە جلی سوورەوە دەرکەوت، کە ئاماژە بوو بۆ ئارەزووە سێسکسییەکانی، ئۆفیلیا بە جلێکی شینی سووک و پێڵاوی پاژنە بەرزەوە دەردەکەوت. لەو دیمەنەدا کە فەرمانی هاملێت وەردەگرێت بۆ ئەوەی بچێتە دەیر هێواش هێواش و لە سەرەخۆ دەڕوات، پاشان بە پاژنە بەرزەکەیەوە هەنگاوی قورس دەنێ، لچولێوی بە ڕەنگی سوور بۆیاخ کردبوو، وەک ئەوەی کچێکی ڕووخاو بێ و ڕێگەی دەیری گرتبێتە بەر.

سەرنجڕاکێشترین دیمەنی نمایشەکە دیمەنی کۆتایی بوو، کە تێیدا فۆرتینبراس بینەرانی بە دەرکەوتنی خۆی، وەک کارەکتەری جەنگی ئەستێرەکان سەرسام دەکرد، ئەمەش ئاماژەیەکە بەو شەڕ و تراژیدیانەی کە ڕەنگە مرۆڤایەتی لە ئایندەدا ڕووبەڕوویان ببێتەوە.

فەزای سینۆگرافیای نمایشەکە، وەک چۆن لەلایەن دیزاینەری سینۆگرافی یۆران (ڤاسبێرگ)ـەوە کێشراوە، فەزایەکە لە وردەکاری دیکۆر و مۆبیلە و شتومەکی ناومالّ خالّییە. دیمەنەکان بە سێ پەردە دەورە دراوبوون، کە یەک لە دوای یەک بۆ سەرەوە بەرز دەکرانەوە، پەردەی چوارەمیش کە پەردەیەکی ڕەش بوو سێ پەردەکەی لە ئامێز دەگرت . وردەکارییەکانی دیکۆر کە لە نمایشە کۆنەباوەکانی هاملێت دووبارە دەبنەوە، لێرەدا بە تەواوی پشتگوێ خرابوون، لەبری ئەوە چەند کەرەستە و ئامرازێک لە چەشنی هێما بەکار برابوون. لە بەرانبەردا ڕووناکی ئەرکێکی گرنگی لە پێناسەکردنی فەزای نواندن و تیشک خستنە سەر دیمەنەکانی نمایشەکە دەگێڕا.

بێرگمان ڕەنگی ڕەش و سووری وەک ڕەنگی سەرەکی بەکارهێنابوو، هەندێک ڕەنگی دیکەش لە جلوبەرگی کارەکتەرە لاوەکییەکان دەردەکەون.

بەگشتی ئەو جلوبەرگانەی کە دیزاینەری دیمەنەکان یۆران ڤاسبێرگ دیزاینی کردبوون، ڕەنگدانەوەی سەردەمێکی دیاریکراو نەبوون. بۆ نموونە هۆراسیۆ چاکەتێکی ڕەشی مۆدێرن و کلاوێکی ڕەشی بەرزی لە سەردا بوو، لە کاتێکدا ڕۆزینکرانتز و گیلدەرنسترن جلوبەرگی چینی دوای سەدەی هەژدەمیان لەبەردا بوو. جلوبەرگەکان بە گشتی لە سەردەم و ستایلە جیاوازەکان هەڵبژێردرا بوون. هاملێت بە جلوبەرگی ڕەشی مۆدێرن و کۆتێکی بارانەوە دەرکەوت، ئەم جلانە بێرگمانیان لە تافی لاوێتیدا بیردەخستەوە، لە پاڵتۆوە تا چاویلکە ڕەشەکەی کە لە سەرەتای تەمەنیدا پێی بەناوبانگ بوو.

هاملێت وەک کەسێکی پڕ لە وزە و سۆز دەرکەوت، وا دیار بوو کەمتر دڵەڕاوکێی هەبێ و زیاتر خاوەن ویست و ئیرادە بێ. ڕەخنەگر ئینگمار بیۆرکشتاین کارەکتەری هاملێتی لەم نمایشەدا بە «هاملێت، خالّی لە چەمکە ڕۆمانسییەکان» وەسف کردووە. دوای گەڕانەوەی هاملێت لە ئینگلتەرا، لە هەمان کاتدا وەک گەنجێکی خوێندەوار و خوێن گەرم دەردەکەوت، تەنانەت گۆڕانکارییەکان جلەکانیشی لەخۆگرتبوو، چونکە کراسە ڕەشەکەی بە بلووزێکی ڕەش گۆڕدرا بوو.

لە هەموو ساتەکانی نمایشەکەدا، هاملێت هەندێک جار وەکوو سوێدییەک، هەندێک جاریش وەک سکاندیناڤییەک خۆی دەنواند، ئەمە وتەکەی میرهولدی هێنایەوە یادم: «سەیری زۆر لە نمایشەکانی هاملێتم کردووە، ئەوەی لە

هەموویاندا هاوبەش بوو، ئەوە بوو کە هاملێت لە هەموویاندا جلەکانی ڕەش بوون»، بەڵام بێرگمان وێنەیەکی نوێی نمایش کرد.

بێرگمان دەیویست کارەکتەری هاملێت گوزارشت لە خۆی بکا، واتە هاملێت لە تەمەنی گەنجیدا کارەکتەری بێرگمانی بەرجەستە دەکرد. گەڕانەوەی هاملێت لە ئینگلتەرا بۆ دانیمارک وەک گەڕانەوەی بێرگمان بوو لە ئەڵمانیاوە بۆ سوید. ئەو کات گەنجێکی پڕ لە وزە و توانست بوو، لە هەمان کاتدا لە جاران پێگەیشتووتر و زاناتر بوو.

ئەوەی کە شێوازی دەرهێنانەکەی بێرگمانی لە کاری دەرهێنەرەکانی دی جیا دەکردوە، دیدگای تایبەتی کەسیەتی دەرهێنەر بوو بۆ کارەکتەری هاملێت، بە تایبەتی لە ڕووی ڕواڵەتی دەرەکییەوە، کە ئەمەیان دیدگای دەرهێنەری بۆ (هاملێت) ێکی هاوچەرخ بەرجەستە دەکرد، هاملێتێک کە گوزارە لە نیگەرانی و ئازارەکانی گەنجان دەکا، دەکرێ ئەم خاڵە ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێی دەرهێنەر بێ لە تافی گەنجیدا. هاملێت، وەک ئەوەی بێرگمان دەیویست، وزەیەکی سۆزداریی گەورەی هەبوو، لە ڕووی فۆرمی دەرەوەش بە ئاسانی لە کارەکتەری کۆنەباوی هاملێت جیا دەکرایەوە.

پیتەر ستۆرمێری ئەکتەر کە ڕۆڵی هاملێتی دەگێڕا، لە وێناکردنی هاملێتدا، وەک گەنجێکی پێگەیشتوو و هەڵچوو و تووڕە، سەرکەوتوو بوو.

سەرەڕای هەموو ئەمانە، ڕەخنەگران لە ئەمریکا سەبارەت بە سروشتی سۆزداری کارەکتەری هاملێت بۆچوونی جیاوازیان هەبوو. بۆ نموونە ڕەخنەگر کلایڤ بارنز پێی وابوو کە «هاملێت» لە دیدگای (بێرگمان)ەوە، وەک کارەکتەرێکی دەمارگیری سەدەی بیستەم بەرجەستە کرابوو. ئەو پێی وابوو لە باشترین حاڵەتەکاندا ئەم کارەکتەرە پێویستی بە چارەسەری دەروونی هەیە، لە خراپترین حاڵەتیشدا پێویستی بە پشکنینی جەستەیی هەیە، بەڵام دان بەوەدا دەنێ کە خودی نمایشەکە پڕ بووە لە تین و وزە.

لەم نمایشەدا بێرگمان زیاتر لە نمایشە شانۆییەکانی دیکەی هەمان دەقدا، تیشکی خستبووە سەر کارەکتەری "ئۆفیلیا"، کە لەم نمایشەدا جێگەیەکی بەرچاوتری داگیرکردبوو. ئوفیلیا لە ژمارەیەکی زۆری دیمەنەکاندا دەردەکەوێت، تەنانەت لەو دیمەنانەشدا کە لە دەقی ڕەسەنی شەکسپیردا ئۆفیلیای تێدا نەبوو. بێرگمان دەیویست وەک چاودێرێکی ڕووداوەکان و شایەتحاڵێک دەربکەوێت. بوونی ئەو بە شێوەیەک کار دەکاتە سەر چیرۆکەکە، کە لە خەون، یان مۆتەکەیەک بچێ، تەنانەت دەرهێنەر ڕێگەی پێ دابوو کە لە دیمەنی گۆڕستانەکەدا بینەری ناشتنی خۆی بێ، ئەمەش کاریگەرێتی ئەو دیمەنەی لەسەر بینەر بەهێزتر کردبوو.

دوای ئەوەی هاملێت لە لەندەن و نیویۆرک نمایش کرا و لەلایەن بینەران و ڕەخنەگرانەوە بە گەرمی پێشوازی لێ کرا، بێرگمان گوتی: "هاملێت" یەکێکە لە باشترین نمایشەکانی ژیانم، بەردەوامترین و بەهێزترین و چڕترین و تووڕەترین نمایشە لە نێو ئەو نمایشانەی پێشکەشم کردوون.

**مێژووی قسەکانی بێرگمان و ئاماژەکانی:**

Lek och Rasari: Henrik Sjögren
Ingmar Bergmans teater 1938-2000